**بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا**

نووسینی: تاهیر عەلیار

## خوێندن و خوێندنگە لە بۆکان (٥-٥)

*[[ لە سەرەتای دەست بەکارکردنی ماڵپەڕی بۆکان، بەشێکی تایبەت بە خوێندنگاکانی بۆکان تەرخان کرابوو، کە ئەو دەم واتە ١٥ ساڵ بەر لە ئێستا هەم دەستکەوتنی زانیاریی و پێوەندیگرتن لە گەڵ خەڵکان چەتوون بوو، هەم لاکردنەوە لە بابەتێکی وا لە لایەن زۆر کەسەوە بە گرنگ نەدەزاندرا، ئێستا پاش تێپەڕبوونی ئەم ساڵانە و بوونی ئینترنێت و ڕێگاکانی پێوەندی و هاسانبوونەوەی ناردنی بابەت و هەست بەبرپرسیاریکردنی زۆرتر لە مەر زانیاریی بەخشین، ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان لە چوارچێوەی پرۆژەی "بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا" جارێکی دی ئاوڕ لەو بابەتە دەداتەوە و بەرپرسانی پرۆژەکە هیوادەخوازن لە گەڵ پشتیوانییەکی زۆری خەڵک بە تایبەت ئەوانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندیان بە خوێندنگاکانەوە هەبووە، وەک خوێندکار، موعەلیم و دەبیر و کارمەندی ئیدارەی فێرکردن و بارهێنان و هەروەها وەک دایک و باوکی منداڵان و خوێندکاران بابەتەکانی خۆیان بۆ ماڵپەڕەکە بنێرن. بیرەوەری، بەڵگەنامە، وێنە، فیلم و هەر چەشنە زانیارییەک کە بگاتە دەست بەرپرسانی پرۆژەکە بە شێوەی شیاو بڵاو دەکرێتەوە. مەدرەسە لە شاری بۆکان بە تەنیا شوێنی خوێندن نەبووە بەڵکوو شوێنی چالاکی هونەریی، فەرهەنگی، وەرزشی، ڕۆژنانەنووسی و شوێنی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیش بووە. باسکردن لە هەرکام لەو لایەنانە، کۆکردنەوەی زانیارییەکی دەوڵەمەندە کە جێگا و پێگەی شارەکە لە سەردەمەکاندا نیشان دەدا. هاوکاری هەرکەس جێگای ڕێز و پێزانینی ئێمەیە]] بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا* redaktion@rojhalat.de

---

### خوێندن و فێربوون لەناوچەی بۆکان لەبیرەوەریەکانی خالیداغای حیسامی (هێدی) دا(٢-٥-٥)

لەمامۆستاکانی ئەو کاتە ی مهابادیش ئەوەی کەناویانم لەبیر مابێ یەکیان( جاهد) مودیری دەبیرستانی پەهلەوی و ئەوانی تر بەدوای یەکدا ئەو مامۆستا بەڕێزانەبوون : (سنایی) مامۆستای ئەدەبیات (عبدالحسین پور) مامۆستای حیساب و هەندە سە(شعبانی) مامۆستای موسیقی و هەروەهاش مامۆستای زۆر بەنرخ (علی محمودی) بەڕێوەبەری ئەو کاتەی مەکتەبی سەعادەت و مامۆستا محەمەدی ئەسحابی ڕێکخەر و نازم کەئەو دوو بەڕێزەجارێک لەمەکتەب مامۆستام بوون و ئەگەر ئەورۆ ئەلف و بێیەکەیەک بزانم لەسایەی سەری وانەو جارێکی تریش بەگەورەیی و لەسیاسەت دا دیسان بوومەوە قوتابی وان و هەروەک لەدواییدا دەگەینەئەو باسە. بوومەئەندامی حزبێک کەئەوان لەگەڵ چەند کەسێکی تر دامەزرێنە ری بوون و هەتا ئاخریش ئەو رازەی وان بۆ من و بۆ زۆر کەسی تریش ئاشکرا نەببوو . مەبەستم لەو حیزبەکۆمەڵەی ژێ ، کافە.

دەرس گوتنەوەی مامۆستا (عبدالحسین پور) کەخۆی فارس بوو لەحیساب و هەندەسەدا بەراستی سەرنج راکێش و زانایانەبوو . هێندەی لەبیرم بێ من خۆم قەت لەمەکتەب وانەبوولەحیساب و ریازی دا نمرەی باش وەرگرم و ئەگەر رۆژێک نمرەی زۆر باشم وەرگرتبا دەگەیشتەزۆر زۆر 12 کەنمرەی باش لەمەکتەبی ئەو کاتەبوو. جا لەبەر ئەوەکەمن خۆم لەحیساب دا زۆر کوڵ بووم دەرس گوتنەوەی ئەو مامۆستایەکەزۆر بەسەریدا زاڵ بوو سەرنجی راکێشابووم بەڵام لەئەدەبیاتدا باشتر بووم و لەهاودەرسەکانی ترم نەدەمامەوەکەناوی هێندێکیانم لەبیرەوەک : رەسووڵ کەبوودی، سەعیدی شافعی، دەشتی، حسێن تەدەیون، مستەفا موئمنی، حسێن مەحەمدیی گەورک، سەید مستەفا، و سەیدکەریمی سەید ئەحمە دی.

رەسوڵی کەبودی لەدەرسی ریازی دا لەهەمووان سەرکەوتوتر بوو و هەرکەس لەو دەرسەدا گیروگرفتی هەبا و مامۆستا لەوێ نەبا دەچووەلای ئەو و گرێ کوێرەکەی بۆ دەکردەوەوەک هەڵێنانی مەسەلەو شتی تر و ئەگەر هاتبا و مامۆستاش خۆی مەسەلەی داهێنابا یا پرسیاری تری کردبا ئەو پێش هەمووان وڵامی راستی دەداوەو پەکی نەدەکەوت. رۆژێک مامۆستای حیساب هاتەژوور کوتی: ئەو مەسەلەبنووسن و سبەینێ وڵامی راستم بۆ بێننەوە، هەروەک دەزانین دەرسی مەکتەب ئەو دەمیش و ئێستەش بەفارسییە.

مامۆستا گوتی : پۆلێک کۆتر بەهەوادا هاتن ، کۆترێک لەسەر دارێک نیشتبوو لەپۆلەکۆترەکەی پرسی : ئەرێ ئێوەچە ندن؟ لەناو پۆلەکۆترەکەدا یەکیان جوابی داوەکوتی: پێت وانەبێ ئێمەکەمین. ئێمەو جارێکی تریش بەقەد ئێمەو نیوەی ئێمەو نیوەی نیوەی ئێمە، ئەگەر تۆش دەگەڵمان کەوی دەبینە(100) ئەو پۆلەکۆترەخۆیان چەند بوون ؟ کەئەوەفارسییەکە یەتی:

دوست، مارا طعنەبر قلت مزن      گرشویم ماجمع، بیحد میشویم

ما و مثل ما و نصف ما و نصف نصف ما      گر تو هم باما شوی ما جملگی صد میشویم

رەسوڵ هەر لەوێ وەڵامی راستی نووسی و دایەدەستی و دیارەماموستا و هەمووڵایەک ئافەرینیان کرد و دەرکەوت پۆلە کۆترەکەخۆیان سی و شەش بوون. ئەو شیعرەفارسییەهەر بەو جۆرەکەنووسیومەلەکتێبەدەرسیەکەی ئەو کاتماندا بەناوی (ارشادالحساب) هەبوو.

لەهاودەرسەکانی ئەو کاتەم هێندێکیان ماون و دیارەئەوانیش وەک من هێندەی نەماوەپیر بن ، جا چ بۆ ئەوان و چ بۆ ئەو ماموستا بەڕێزانەی لەفێر کردن و بارهێنانی مندا دەوریان هەبووەو سەری خۆیان بەگێژی وەک منەوەئێشاندووە، ئەوەی ماون بەختەوەری و تەمەنی درێژیان بۆ بەئاوات دەخوازم ، ئەوی نەماون خوای گەورەلەسووچیان خۆش بێ. لێشم سوورەنەماون خۆ عومری نوحیان بۆ نەهاتووە.



دانیشتوو: حاجی سمایلاغای حیسامی: راوەستاوەکان لەلای چەپەوە: رەسووڵ اغا مەعرووفی-د. حسن حسامی. سلێمان اغا معروفی- عباس اغا إیلخانی زادە- حسن اغا معروفی- هێدی- عومراغا حیسامی- محمود حیسامی- بۆکانی ساڵی ۱۹۵۹

هەموو هاوینێک بەسەربەرزی و نمرەی باشەوەدەگەڕاینەوە مهابادمان بەپیاسەی سەرپردی سوور و گەڕاو و سێ ئاشان و پردی یەرغو ، سەرکەوتنی داشان مەجید و گەڕانی گەڕەکە کانی خرێ و حاجی حەسەن و قووڵەقەبران و چوارچرا و خە یابانی شێروخورشیدەوەبەجێ دە هێشت ، یان باشتر بڵێم لەکیس خۆمان دەدا و دەبوینەکرمانجەکە ی جاران . ئەوجار ئێمەو ماستی مەڕی و دۆی ترش و ئێوارەبازاڕی باغی قەیسیان و ترێی باخچەی بەر دیوەخان و سەردانی کوڵوش کێشان و سواری جەنجەر و عارەبەو گێرەو کێشەی وەرزێری و جڵەو گرتنی ئەسپی میوان کەهەموویان بەسواری دەهاتن و بە کورتی هەتا پایزێکی ترئەوەی هەر ئاگامان لێی نەدەما دەرس و حیساب و هەندەسەو ئیملا و رەسم کێشان بوو.

هاوینی ساڵی هەزار و سێ سەد و بیستی هەتاوی ، واتەلەپشووی مەکتەب دا بوو کەفرۆکەکانی روسیا مهابادیان بۆمباران کرد و دوای ئەوەش هێزەکانی روسیا هاتنەئێرانەوە. ئیتر وڵاتی ئێمەکەدەسەڵاتی میری تێدا نەمابوو بوو بەخان خانی و کەس بەکەس نەبوو. لەو پشێوێنیەدا کاروباری وڵات هەر لەهەموو روویەکەوەلەگرێژنەچوبوو و لەگەڵ ئە وانیش دەرس خوێندن و خوێندکاری، لەبەر ئەوەئیتر منیان نەناردەوەشار بۆ خوێندن و هەر ئەوەش ئاواتی خۆم بوو.

لەگەڵ هاتنی خرمانانی 1320 راوەکی قسەخواردنەوەو قسەشاردنەوەو دەست بەزاریداگرتن پزووی پسا و هەر هات و کوردی نووسین پەرەگرتووتر و مەیدانی خۆڕاهێنانی کوردی نووسان بۆ وەدی هێنانی شوێنەواری ئەدەبی بەربڵاوتر بوو . هەرکەس لەبەر خۆیەوەتێی دەچریکاند. ئەو قەسیدەشیرنەی شاعیری بەناوبانگ مەلامارفی کۆکەیی دانیشتووی مهاباد لەو جەنگەدا لەدایک بوو کەسەرەتاکەی بەوشیعرەدەست پێداکا:

شاعیر عومومی کەوتنەمەقالات و بۆڵەبۆڵ      مەدحی وەتەن دەکەن بەقەسیدەی شڕ و شڕۆڵ

ئەوەی من لەو قەسیدەلەبیرم مابن سێ چوار شیعری ترن کەبەناڕێک و پێکی وەبیرم دێتەوەو ئەوانیش ئەوانەن :

کوردیش چ کوردەمیللەتی خۆ خۆرەپێکەوە

بۆ گیان و ماڵی یەکتری سمکۆڵ دەکەن لەخۆڵ

دنیا لەناز و نیعمەت و ئازادیدا دەژی

کوردیش وەکوو دڕەندەلەئەشکەوت و شیو و دۆڵ

پارچەی لەپەشمی ئێمەدەکەن خەڵک و بۆ مەیە

رانکێکی کۆن و کون کون و چۆغێکی بێ گڕۆڵ

سابڵاغیی دەست و پێ بەخەنەی قەت هەتاو نەدیو

رەنگین و نازەنین و سپی و سۆڵ و نەرم و نۆڵ

تاکەی وەتاغی بەرز و ژنی تەرز و تەرکی فەڕز

لێتان حەرام بێ سوحبەتی خاتوونی نەرم و نۆڵ

بەداخەوەم کەهەموو شیعرەکانی ئەو پارچەهەڵبەستەم وەبیر نایەنەوەکەمەبەست بەدەستەوەبدەن و خوێنەر کەڵکی تە واویان لێ وەرگرێ بەڵام وەک دەڵێن لوێچێک نموونەی خەڵوارێکە.



لەسەر گلکۆی پیرەمێردی نەمر لە سلێمانی

لە راستەوە: مسکین سالح بارزانی- فەرعۆ محەمەد مستەفا بارزانی- هێدی- مامۆستا ئەحمەد سەلام- سەمەد عوسمان بارزانی

پێ و قەدەمی رووسان بۆ مهاباد بەهەموو ئاڵ و گۆڕ و گێچەڵ و خێرو شەڕێکیبەوەلەرز و تای کوردی نووسین و کوردی خوێندنە وەشی پێوەبوو ، هەر لەگەڵ ویرە ی تەیارەکانی وان لەعاسمانی کوردستان ئەو هەستەخەلکی داگرت و هەر کەس لەبەر خۆیەوە ئەوەندی پێی دەکرا سەرەتەقێکی دە کرد. بەڕاستی کوردی نووس زۆر بوو بەڵام کوردی زان کەم بوو. بۆ ئەوەش کەس جێی رەخنەنەبوو کە بۆچی نازانێ بەزمانەکەی خۆی بنووسێ، کێ پێش ئەودەم وێرابووی نامەیەک بەکوردی بنووسێ ، گووار و رۆژنامەش کەهیچ هەر باسی مەکەبەڵام ئەوشتەی کەپێی دەڵێن لێهاتوویی لێرەش لەهێندێ جێ و هیندێ کەسدا کاری خۆی کرد و زۆری پێ نەچوو لێرەو لەوێ پارچەهەڵبەستی شیرن و بەرز بەدەستنووس دەکەوتەناو خەڵک و نیشتماندۆست و شیعردۆست پێی وەکەیف دەهاتن.

میرزا محەمەدی عەتریی گڵۆڵانی دۆستی لەمێژینەو هەواڵ راوچیی ئەودەم و وێژەری کڕ و بێ دەنگی ئەوڕۆی بۆکان و کوردی نووسی ئەو سای موکوریان هەر زوو لەقۆناغی سەرەتەقەو خۆڕاهینان بازیدا و بەپێشکەش کردنی هەڵبەستی بەرزی (نامەوێ ئەوژینەتاڵەیا وەتەن یا مردنم) بەکۆمەڵی ئەو کاتە، خۆی بەناوی هەستیارێکی ورد و خاوەن سەرنج بە هەموان ناساند. ئەو شاعیرەلەبیر کراوەنازانم خۆی یەخەی لەکاری ئەدەبی دادڕی و فرێی دایەئەولا یان لەگەڵ بە جێهێشتنی قولینچکی دیوەخانی شێخاڵی هەر سەرچاوەی هەڵبەستیشی ویشکاوی هات و بیر کردنەوەکانی وێی لەجیاتی شیعر ئەوجار روویان کردنەفڕ و فێڵی سیاسی و هەوڵی نوێنەرایەتی و پێی وابوو هەرجێیەی شتێک هەڵدەگرێ .

بۆ ئەوش کەحاڵ و هەوا و دڵگەرمی و رادەی هەستی نەتەوایەتی کوردستانی ئێران دوای مانگی خەرمانانی 1320 بەتەواوی بخەمەروو لێرەدا پارچەشیعری (نامەوێ ئەو ژینەتاڵە) لەگەڵ ئەو بیرەوەریانەدەخەم چونکەبیرەوەری زۆریان پێوەیەهەر لەگەپ و گاڵتەی شیرنی چەندساڵەلەگەڵ وێژەرەکەی هەتا وەرگەڕانی تاج و تەختی پەهلەویی گەندەل و بۆڵە بۆڵی ئەو هەموو شاعیر و نیوەشاعیرەبەڕێزەی ئەو سەردەم:

(باری زوڵمی دوژمنەوا هێسی کردوەگەردنم

نامەوێ ئەو ژینەتاڵەیا وەتەن یا مردنم)

ئەی وەتەن لەو رۆژەوەئەو رۆڵەیەت هاتوتەڕۆ

شیری تۆی کەوتۆتەیاد و میهری تۆی کردۆتەخۆ

دڵ بەسازی تۆ بەکەیفەروو بەخۆشی روویی تۆ

پێم کوتی دەبمەبەڵاگەردانی تۆ بی هیچ درۆ

(وەختی ئیجرای قەولمەئۆباڵ بەتەختی گەردنم

نامەوێ ئەو ژینەتاڵەیا وەتەن یا مردنم)

دوژمنی بەدخوو ئەگەر تۆ بمدەیەی زێری وڵات

دار و بەرد و خاک و خۆڵم بۆ بکەیتەحاسڵات

بمکەیەسەرداری دنیاتاجی شاهیم کەی خەڵات

شەرتەتێی هەڵدەم لەتاجت بیگەیەنمەرۆژهەڵات

(چۆن دەبێ مەحکومی تۆ بم کەچ بکەم بۆت گەردنم

نامەوێ ئەو ژینەتاڵەیا وەتەن یا مردنم)

لاوەکان گەر روح فیداکەن بۆ وەتەن هێشتا کەمە

گەر بدا ئاوی حەیاتت دوژمنت ، ژەهرە، خەمە

خۆشەدەردێکی کەدایکی نیشتمانی مەرهەمە

سینگی من قەڵغانی تۆ بێ ئەی وەتەن پێشمەرگەمە

(ژینی من قوربانی تۆ بێ جا بڵێندەگەردنم

نامەوێ ئەو ژینەتاڵەیا وەتەن یا مردنم)

خەم مەخۆ دایکی وەتەن تووی مورادت شین دەکا

لاوی تۆ سەرخۆشەئەوڕۆ پاکی داوای ژین دەکا

داغی باڵای سەوزی تۆیەدوژمنت سەرشین دەکا

تینی زوڵمی کۆنی تۆیەقەلبی من پرکین دەکا

(نامەوێ ژێردەستیی دوژمن بێتەتەوقی گەردنم

نامەوێ ئەو ژینەتاڵەیا وەتەن یا مردنم)

حازرم بۆ حیفزی خاک و ئاوەکەت ئەی نیشتمان

شەرتەبیرێژم لەبەر پێت خوێنی گەش روحی رەوان

خوێنی من بۆ تۆ حەڵاڵە، ماڵیشم، هەردووکیان

یان دەبێ هیچیان نەبن یان دوژمنت هیچ کامیان

(دەچمەبەر مەیدانی دوژمن جا حەڵاڵ کەگەردنم

نامەوێ ئەو ژینەتاڵەیا وەتەن یا مردنم)

ئەی وەتەن گەر ژین هەبێ راستەکەتۆ ژینی منی

نامەوێ سەیری گوڵستان تۆ کەنەسرینی منی

ئاگرم بۆ هێزی دوژمن چونکەتۆ تینی منی

قیبلەکەم، ئیمانەکەم، پەیمانەکەم، دینی منی

(گەر بوتی زیننار دەبەستم ببیەخاچی گەردنم

نامەوێ ئەو ژینەتاڵەیا وەتەن یا مردنم)

نووسینەکوردیەکانی پێش دروستبوونی کۆمار و بەرەبەری پێک هاتنی کۆمار رەنگەشیعری بەرزتری لەو موستەوایەدا و لەوانەبەرزتریشیان تێدا بووبێ کەمن نەهەموویان دیوەو نەپێم دەکرێ وەبیریان بێنمەوەو هەڵیان سەنگێنم ، رۆژنامەی کوردستانیش ئەودەم برێک درەنگ وەخۆ کەوت کەدەستی شاعیر و نووسەرەکان بگرێ لەچاپ کردن وبڵاو کردنەوەی نووسینەکانیاندا و نەهێڵێ لەناو بچن و بیانکاتەبەڵگەو کەلەپوور بۆ دوارۆژیش . هەرچەند لەدواییدا بەو ئەرکەهەستا و بوو بەیەکەم پەڕتووک و سەرچاوەی هەواڵ گەیاندن و لێکۆڵینەوەی رووداو و دەنگ و باس و شوێنی جاپ کردنی هە ڵبەستی هەڵبژاردەو لەو تەمەنەکورتەی خۆیدا وردەوردەئەگەر ناتەواویەک لەنووسین و کاکڵ و ناوەرۆکی لاپەڕەکانیدا هەبوو لای برد و رادەی ئەدەبیی خۆی بەرز کردەوەو رۆژ بەرۆژ هەست بەپێشکەوتن و رێک و پێک تر بوونی دەکرا لەچاو ژومارەکانی پێشووی خۆی کەسەرەتای دەرچوونی ، هێز و پێزی پێویستی نەبوو.

**درێژەی هەیە ...**